

## ئایا ئەم دیاردانە یاساین؟

ناشیرین دەزانین، ئاواش بەهەمان شێوە تەوجیهی مامۆستایانی ئایینی دەکەین کە لە وتارەکانیاندا باسی بکەن ئەویش بە حوکمی ئەوەی کە مامۆستایانی ئایینی مەوقعێکی فراوانیان لەناو کۆمەڵگادا هەیە، کە بە خەڵك بڵێم ئەمە شتێکی مامۆیەو لەگەڵ عورفو عاداتی میللەتەکەماندا نایەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دژی شەرعیش‌و یاساشە. هەروەها گوتی: ئێمە بۆ ساڵی ٢٠٠٨ هەندێك شتمان لە بەرنامەدا هەیە بیکەین، یەك لەوانە جوانکردنی گۆڕستانەکانە، ئەوەش کە داخۆ پیچمان دەکرێت ئەمەش جیچگەی هەڵوێستەیە، چونکە تەسەور ناکەیەن خەڵکی بەدەنگ بەرنامەکەمانەوەبێت لەو کارەدا، مەسەلەن شێوازی پرسەکەمان، ئەوە ئێمەین دەمانەوێ ئەرکی خەڵك سوك بکەین بەڵام ئایا پێمان دەکرێ یان نا، ئەوە دەبێ خەڵکی هاوکارمان بێت. ئومێد دەکەم انشالله لە ئایندەدا ئەو کارانە بکەین کە لە بەرنامەماندایە بۆ ساڵی ٢٠٠٨ هیوادارین خەڵکیش هاوکارمانبێت لەو بوارەدا.

بۆ ئەم مەبەستە سەردانیس سەرۆکی شارەوانی چوارقورنەمان کرد بەرێز( شێخ عەلی) لەم بارەیەوە گوتی: ئەم دیاردەیە زیاتر پەیوەندی شەخسەکە خۆیەوەتی، دیارە هەرکەسێك کەمرد دیارە دوو مەتر زەوی پێدەبڕێ زیاتر نییە، زۆر کەسیش لەو شاخو کێوانە شەهید بووە قەبریشی بە نسیب نەبووە، وادەزانن گەر خزمو کەسەکە لەیەکەوە نزیك بوون دیفاع لەیەکتری دەکەن، فیعەلەن ئەوە کۆمەڵێك سلبیاتی هەیە، یەکێ: لەوە لە ئەنجامی ئەو دیوارە کۆمەڵێك زەوی دەفەوتێ، کە جێگەی کەسانی ترە، لەهەمانکاتیشدا تەنزیمی گۆڕستان تێك دەدات، دیارە لە هەمووش وێنێك کۆمەڵێك کەسی خێرخوا سەرپەرشتی گۆڕستان دەکەن، ئەوانە حەقبوو پێشتر ئەو مەسەلەیەیان بە ئێمە گەیاندبایە یان ناحیە، بۆ ئەوەی ئیجرائات لە بەرامبەر ئەو دیاردەیەدا بکرێت، یان پێیان بسەلمێنن کە ئەوە شتێکی هەڵەیەو تۆ حەقی کۆمەڵە خەڵکێکی دی دەخۆی، یان لەرێگەی مامۆستایانی ئایینی، ئەو زیادەڕەویانە بەباش نازانین‌و پێمان باش نییە، ئێمەش وەکو شارەوانی هاوکاریمان کردوون، بەڵام ئەمە زیاتر پەیوەندی بە ئەوقافەوە هەیە. هەروەها گوتی: ئێمە تا ئێستا بیرمان لەو مەسەلەیە نەکردۆتەوەو پیاو واقعی قسە بکات بەڵام، دەکرێت لەمەودوا قسە لەو بوارە بکرێت‌و جا بەهەر شێوازێك بێ، لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار بە هەماهەنگی ئەم دیاردەیە بنبڕبکەین.

**هاوڵاتیەك“ ئەوانە گەر بۆ مردووەکانیان ئەوە بکەن، ئەی ئەگەر لە پۆستێکی حزبی‌و حکومی‌و بن دەبێ هەموو کەس‌و کارەکەیان لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە“**




# زمانی  زبروو توند لە رۆژنامەگەریدا خزمەتکردنە بەو کەسانەی دەسەلات

**رۆژنامەنووس‌و بەرپرسی لیژنەی داکۆکیردن لە مافی رۆژنامەنووسان، لە سەندیکای رۆژنامەنووسان کوردستان زیرەك کەمال سەبارەت بە ئاکامەکانی کۆنگرەو چەندین پرسی تایبەت بە رۆژنامەنوسان‌و کاری رۆژنامەنووسی بۆ ئەم ژمارەیەی زنار دیداریکمان لەگەڵ ئەنجامدا.**

**دیمانە: فەرەیدون بێوارز**

زنار: زۆر جاران رۆژنامەنووسان خۆیان بە پێشەنگی دیموکراسیو ئازادی رادەربڕین دەزانن‌و رەخنە لە هەڵبژاردنەکانی حزب‌و حکومەت دەگرن‌و بە جۆرێك لە تاکڕەوی وەسفی دەکەن. کەچی لە کۆنگرەی سەندیکای رۆژنامەنووسانیشدا. دەستەی سەندیکا بەلیستی رێککەوتن(توافق) دابەزی‌و هەڵبژێردرا، ئایا هیچ جۆرە دیموکراسی‌و ئازادی تێدابوو؟

زیرەك کەمال: خۆی قسەکردن بەو جۆرە رەهایی بوونە لەسەر پرۆسەیەك رەنگبێ لە شوێنی خۆیدابێت. لە گۆنگرەی دووەمی سەندیکادا بە داخەوە زۆربەی رۆژنامەنووسان تەنیا باس لە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەن دەکەن‌و بەلای بابەت‌و تەوەرەکانی دیکەدا ناچن کە ئەو کۆنگرەیە لەخۆی گرتبوو، بەتایبەت ئەو راپۆرتە گشتیەی کە ئەنجوومەنی کۆن خستیە بەردەم کۆنگرەی دووەم، کە پێموانییە راپۆرتی هیچ حیزبێکی سیاسی‌و سەندیکاو رێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی، بەقەد راپۆرتە گشتیەکەی ئێمە تێرو تەسەل بووبێت. بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی سەندیکا، ئەنجوومەن بە دوو شێواز هەڵدەبژێردرێت، بەشێوازی لیست یان تاك، لە کۆنگرەکەدا پێشنیازی هەردوو شێوازەکەمان خستە بەردەم ئەندامانی کۆنگرە لە کۆی(٣٦٣)رۆژنامەنووس، تەنیا(٢٧)رۆژنامەنووس دەنگی بۆ شێوازی (تاك) دا. واتە زۆرینەیەکی رەها دەنگی بۆ لیست دا. واتە شتێك نەبوو لە دەرەوە بەسەر کۆنگرەدا سەپێنرابێت بەڵکو کۆنگرە بە زۆرینەی دەنگ خۆی ئەو شێوازەی هەڵبژارد. دەبێ ئەوەش بزانین کە مەسەلەی لیست، پێچەوانەی بنەماکانی دیموکراسیەت نییە لە کاتێکدا دەکرێت بڵێین ئەو پێچەوانەی دیموکراسیەتە، کە لە پێشدا شێوازی بەڕێوەبردنی پرۆسەی هەڵبژاردن نەخرێتە دەنگدانەوەو لیستێك بەزۆر بسەپێنرێ بەسەر کۆنگرەدا، ئەمانە دەکاتە شێوازی نادیموکراسی. ئێمە پێمانخۆشبوو لە پاڵ لیستەکەی ئێمە، دە لیستی دیکەش هەبوایە، دادوەریش (١٥) خولەك دەرفەتی بە رۆژنامەنووساندا بۆ ئەوەی لیست درووست بکەن. بۆیە من ئەوە وا نابینم کە دژی دیموکراسیەت بێت. من کە خۆم بە داکۆکیکاری مافی مرۆڤو رۆژنامەنووسان دەزانم، بمزانیبایە ئەو شێوازە نادیموکراسیەو بە زۆر سەپێنراوە قبوڵم نەدەکرد من بە سەرمایەیەکی رەمزی شەخسی خۆم دروست کردووە، ئەو سەرمایە رەمزی‌و شەخسیەی خۆم بە هەموو دونیا نا گۆڕمەوە.

زنار: بۆچی شەخسی ناو لیستەکە نەگۆڕدرابوون‌و هەمان کەسانی پێشوو بوون؟

> ئەو کەسەی کە لە رۆژنامەنووسان دەترسێت لە خۆی دەترسێت‌و متمانەی بەو پۆستە نیە کە وەریگرتووە

زیرەك کەمال: گەر لەخۆمەوە دەست پێبکەم، من بۆخۆم داوام لە لایەنی پەیوەندیداری خۆمکردبوو. کەمن خۆم هەڵنەبژێرمەوە بۆ ئەو خولەی نوێنەری سەندیکای رۆژنامەنووسان بڕیارمدابوو لەو لیستانەدا نەبم، چونکە دەمەوێ ئیش لەسەر پرۆژەی خۆم بکەم، کە یەکێکیان تەواوکردنی رۆمانێکەو پرۆژەیەکی دیکەش کارکردنە لەسەر نووسینەوەی بیرەوەریەکانی خۆم، بۆیە من حەزمدەکرد لەو لیستە نەبوومایە، بەلاّم لایەنی پەیوەندیدار کە حزبی شیوعیە، داوایان لێکردم کە خۆم بۆ ئەو پۆستە کاندید بکەمەوە، بیانووشیان بۆ ئەوە ئەمەبوو کە دەیانگوت.. ئێمە درك بەوە دەکەین کە بەشی زۆری رۆژنامەنووسان لە تۆ رازین‌و خۆشیان دەوێیت. هەروەها چەندین رۆژنامەنووسی دیکەش چ بەنامە یان تەلەفۆن داوایان لێکردم کە نەکشێمەوە بۆ ئەوەی زیاتر خزمەتی رۆژنامەنوسان بکەم. هۆی سێهەمیش ئەوەیە کە من دەتوانم لەم بوارەدا خزمەت بکەم‌و جێ پەنجەم دیاربێت. ئەمە هۆی مانەوەی من لەو لیستەدا. سەبارەت بە ئەوانی تریش دەکرێ لە خۆیان بپرسن بۆچی لە لیستەکەدا ماونەتەوە؟ بۆی هەیە ئەوانیش پاساوو بیانوی خۆیان هەبێت. پێشموانیە هەمووی هەر کۆنەکان دەرچووبن، بەڵکو دەکەسی نوێش هاتنە ناو ئەنجوومەنەکە.

زنار: لە دەرەوەی سەندیکا دەنگۆی ئەوە هەبوو کە گوایە پێشوەختە یەکێتی‌و پارتی لەسەر ئەوە رێککەوتوون کە نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنووسان بۆ پارتی بێت‌و سەرۆکی یەکێتی نووسەرانیش بۆ یەکێتی بێت، ئەم دەنگۆیە تاچەند لە راستیەوە نزیکە.

زیرەك کەمال: منیش وەکو ئێوە لە دوورەوە گوێبیستی ئەوە بووم، بەلاّم زۆر کەم‌و هیچ زانیاریەکم لەم بارەیەوە لەبەردەستدا نییە.

زنار: زۆرێك لە رۆژنامەنووسان ئەندامی سەندیکا نین‌و کاری رۆژنامەوانیش دەکەن، بۆچی کورسیەکی تایبەت بۆ ئەو رۆژنامەنووسانە لە ئەنجوومەنی سەندیکا دانەنراوە.

زیرەك کەمال: من پێموایە بەشێکی زۆر لە سەرنووسەری رۆژنامە ئەهلیەکان ئەندامی سەندیکانین، ئەوەندەی من ئاگاداربم یەکێك لەو سەرنووسەرانە کە"شوان داودیە"وسەرنووسەری هەواڵەو ئەویش خۆی بە دەزگایەکی ئەهلی دەزانێ، لە ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووساندا هەیە کەواتە ئێمە نوێنەری رۆژنامە ئەهلیەکانیشمان لەگەڵدایە.

زنار: بە حیساب سەندیکای رۆژنامەنووسان داکۆکیکارو بەرگریکاری رۆژنامەنووسانە،

# حزب له هه‌موو شوێنێک هه‌یه له هیچ شوێنێکیش ئه‌رکه مێژوویه‌که‌ی جێبه‌جێ ناکات به‌ڵکو وه‌ستایه کابانه، له خۆ ناشیرین کردن

که‌چی هێشتا رۆژنامه‌نووس له‌لایه‌ن به‌رپرسانی حکومی‌و ...تاد، ته‌عه‌دایان لێ ده‌کرێت‌و ئیهانه ده‌کرێن، وه‌کو نموونه‌کانی ستافی به‌رنامه‌ی(zoom in)و ره‌حمان غه‌ریب، ئایا بۆچی هه‌تا ئێستاکه ئه‌و تێگه‌یشتنه ته‌ندروستیه له‌لایه‌ن ده‌سه‌ڵاته‌وه بۆ پیشه‌ی رۆژنامه‌گه‌ری کوردی، نییه.

زیره که‌مال: تۆباسی دوو حاڵه‌تت کرد، بۆ ئه‌وه‌ی یه‌که‌میان به‌ر له‌وه‌ی به‌ره‌و قه‌ندیل به‌رێکه‌وێ، به مه‌به‌ستی شکاندنی ئابلۆقه‌ی سه‌ر قه‌ندیل، من پێشتر په‌یوه‌ندیم به به‌رپرسانی حکومی‌و حزبی قه‌ڵادزێ‌و سلێمانیه‌وه کرد، داوای ئه‌وه‌م لێکردن که رێگا له رۆژنامه‌نووسان نه‌گرن‌و رێگایان پێبده‌ن به‌ره‌و قه‌ندیل برۆن‌و چالاکی‌و ریپۆرتاژو راپۆرت...تاد، ئه‌نجام بده‌ن. پێشتریش له سه‌ندیکا، دوای ئه‌وه‌ی که ئابلۆقه‌ی خرایه سه‌ر قه‌ندیل، ئێمه وه‌ك ئه‌نجوومه‌نی سه‌ندیکا، به‌یاننامه‌یه‌کمان ده‌رکردوو داوامانکرد ئه‌و بریاره هه‌ڵبوه‌شێنێته‌وه‌و رۆژنامه‌نووسان ئازادبن، به‌ڵام تاوه‌کو ئێستا وه‌ڵامی داواکاریه‌که‌مان نه‌دراوه‌ته‌وه. دوای ئه‌وه‌ی پێیان راگه‌یاندم که ئه‌و تیمه لێیاندراوه، راسته‌وخۆ ته‌له‌فۆنم بۆ کاك عیماد ئه‌حمه‌دو حه‌یده‌ر به‌رێوه‌به‌ری ئاسایشی راپه‌رین‌و کۆمه‌ڵێك به‌رپرسی حزبی‌و حکومی کرد، ئه‌و کاره‌مان به‌توندی مه‌حکوم کرد، داواکاریشمان سێ خاڵ بوو:-

یه‌که‌میان: داوامانکرد رۆژنامه‌نووسانی ده‌ره‌وه‌ی بازگه بێنه ناوه‌وه، چونکه به‌راستی ئاسایش‌و پۆلیس رێگه‌یان پێ نه‌ده‌دان بێنه‌وه.

دووه‌م: قه‌ره‌بووی مه‌عنه‌وی ئه‌و رۆژنامه نووسان بکرێته‌وه.

سێهه‌م: سزای هه‌موو ئه‌و که‌سانه بدرێت که ده‌ستدرێژیان کردۆته سه‌ر رۆژنامه‌نووسان.

سه‌بارت به ستافی به‌رنامه‌ی (zoomin) یش، له‌ناو جه‌رگه‌ی شار خه‌ریکی تۆمارکردنی چالاکیه‌کانی رۆژنامه‌نووسی بوون، کاتێ بینیبوویان به‌رپرسێکی فه‌رمانده‌ی فه‌رمانده‌یی پێچه‌وانه‌ی سایدی ناوه‌راستی جاده‌دا هاتووه، پۆلیسێکی هاتووچۆ به پله‌ی نه‌قیب رێگای پێگرتوون، ویستوویه‌تی مامه‌ڵه‌ی یاسایان له‌گه‌ڵدا بکات، ئیدی هه‌موو گیانی ئه‌و پۆلیسه‌ی هاتووچۆیان شکاندووه، ستافی زوم ئین ویستوویانه ئه‌و روداوه تۆماربکه‌ن‌و بلاوی بکه‌نه‌وه، به‌داخه‌وه ئه‌و چه‌کدارانه‌ی فه‌رمانده‌ی فه‌رمانده‌یی دڵره‌قانه، زۆرتوندوتیژانه، هه‌تا سنووری ئیرهابیانه، په‌لاماری ئه‌و رۆژنامه‌نووسانه‌یان داوه‌و سه‌ریان شکاندوونن ده‌ستی یه‌کێك له رۆژنامه‌نووسه‌کانیان شکاندووه، کامێره‌که‌یان شکاندوون، گه‌ورتره‌ین سوکایه‌تیان پێکردوون.

بۆیه ئێمه ده‌ست به‌جێ یاداشتێکمان دایه وه‌زاره‌تی ناوخۆو ئه‌م یاداشته‌شمان له‌که‌ناڵه‌کانی راگه‌یاندن بلاوکرده‌وه، تیایدا مه‌حکومی ئه‌و کاره‌مان کرد. من به ئاشکرا ئه‌وه‌م گوتووه‌و ده‌شڵێمه‌وه" ئه‌و ده‌سته‌ی که‌وا دارکاری رۆژنامه‌نووس ده‌کات له‌ناو جه‌رگه‌ی پایته‌ختی هه‌رێم، رۆژێ دادێ هه‌ر ئه‌و ده‌سته دارکاری هه‌موو کۆمه‌ڵگه‌ی کوردستان ده‌کات، دارکاری پارێزگارو هه‌موو سه‌رکرده سیاسیه‌کانمان ده‌کات، چونکه رۆژنامه‌نووس‌و پۆلیسیش کوری ئه‌م ولاته‌ن بۆیه من له‌و رۆژه‌وه ره‌شبینانه سه‌یری بارودۆخه‌که ده‌که‌م". له رێگه‌ی گۆڤاره‌که‌ی ئێوه‌ش داوا له حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستان‌و به‌رپرسانی حزبی‌و حکومی ده‌که‌م، ئه‌گه‌ر ئه‌وان ده‌یانه‌وێ ئه‌زموونی کوردستان درێژه‌ی هه‌بێت‌و ده‌سکه‌وته‌کان پارێزراوبێت‌و عاتیفه‌و سۆزی رای گشتی جیهان وه‌کو پاڵپشتێك ئه‌زموون‌و کۆمه‌ڵگه‌ی کوردستان بمێنێته‌وه، ده‌بێ تێروانین‌و هه‌ڵوێستیان به‌رامبه‌ر به رۆژنامه‌نووسان بگۆرن، چونکه ئازادی رۆژنامه‌نووسی دایکی هه‌موو ئازادیه‌کانه‌و ئاوێنه‌ی کۆمه‌ڵگایه، ده‌سه‌ڵاتیش له رێگه‌ی ئاوێنه‌ی رۆژنامه‌نووسان ده‌توانێ روخساری راسته‌قینه‌ی خۆی ببینێت. ئه‌و ئاوێنه‌یه‌ی به‌رپرسه حزبیه بچکۆله‌و گه‌وره‌کان بۆ ده‌سه‌ڵاتی داده‌نێن‌و ده‌ڵێن" گه‌وره‌م ئه‌وه روخساری ئێوه‌یه" ئه‌م ئاوێنه‌یه درز بردووه راست ناکات، به‌ڵکو ئه‌و ئاوێنه‌یه‌ی روخساری راسته‌قینه‌ی ده‌سه‌لان نیشان ده‌دات، ئه‌وه رۆژنامه‌نووسه بۆی راده‌گرێت. له‌دونیای رۆژنامه‌نووسیش هه‌روایه. سیسته‌می دیموکراسی له رێگای رۆژنامه‌نووسانه‌وه ده‌توانێ له‌خۆی تێبگات، پێگه‌ی له‌ناو جه‌ماوه‌ردا چۆنه، سیمای راسته‌قینه‌ی ئه‌و چۆنه!.

زنار: سه‌بارت به هه‌ر رووداوو ده‌ستدرێژیه‌ک که ده‌کرێته سه‌ر رۆژنامه‌نووسان، ئێوه به‌یاننامه‌ی نارِه‌زایه‌تی ده‌رده‌که‌ن، ئایا ده‌سه‌ڵات به‌گشتی گوێ له ئێوه ده‌گرێت‌و به‌پێی یاسا ئیجرائات له‌گه‌ڵ ئه‌و که‌سانه ده‌کات.

زیره‌ك که‌مال: تا ئێستا به فه‌رمی وه‌ڵامی یاداشته‌که‌مان له وه‌زاره‌تی ناوخۆ وه‌رنه‌گرتووه، به‌ڵام رونکردنه‌وه‌یه‌کمان له رۆژنامه‌ی " خه‌بات" بینی، ده‌ڵێ: ئه‌و به‌رپه‌رسه‌ی سه‌رپه‌رشتی چه‌کداره‌کانی کردووه که له ستافی "زووم ئین"یان داوه، ئێستا له فه‌رمانده‌ی فه‌رمانده‌یی ده‌ست به‌سه‌رن.

زنار:خه‌ڵکی به گومانه‌وه ده‌روانێته ئازادی رۆژنامه‌گه‌ری‌و ده‌سه‌ڵاتی چواره‌م پێیانوایه، هێشتاکه ئه‌م ده‌سه‌ڵاته به ته‌واوه‌تی جێگیر



نەبووە، واتە بواری راگەیاندن نەبۆتە دەسەڵاتی چوارەم، لە کۆمەڵگەی کوردیدا، تۆ چی دەڵێیت.

زیرەك کەمال: خۆ هێشتاکە سێ دەسەڵاتەکەی تر لە کوردستاندا نەچەسپیوە، ئێمە چۆن داوای دەسەڵاتی چوارەم دەکەین. تا ئێستا کە پەرلەمانو حکومەتو دادگا، حزب لێناگەرێ ئەم سێ دامەزراوەیە بەپێی پێویست کاربکەن. حزب دەست لە هەناوی هەرسێکیان گیرکردووە. مەکتەبی سیاسی هەردوو حزب کۆدەبنەوەو لەسەر بابەتێك رێکدەکەون، ئەوسا بریارو کۆمەڵێك راسپاردە دەنێرن بۆ پەرلەمانو حکومەتو دادوەر. حزب لە وڵاتی ئێمەدا دامەزراوەیەکی عەجیبو غەریبە، کەس لێی تێناگات، لەهەموو شوێنێك هەیە، لە هیچ شوێنێکیش ئەرکە مێژووییەکەی جێبەجێ ناکات، بەڵکو وەستایە، کابانە لەخۆ ناشیرین کرد.

زنار:لەلایەن دەسەڵاتو بەرپرسانەوە هەمیشە ترسێك، مەودایەك، سەنگەر لێگرتنێك بەرامبەر بە رۆژنامەنووسان هەیە، هەربۆیە دەبینین یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسان لە پەرلەماندا بەو ئاراستەیەدابراو ئەم واقیعە لە پەسەندکردنی یاساکەدا رەنگیدایەوە؟ ئایا رۆژنامەنووس ئەوەندە مەترسیدارە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی، کە پێویست بەو هەموو کۆتو بەندە بکات لەو یاسایەدا.

زیرەك کەمال: من پێموایە ئەو کەسەی کە لە رۆژنامەنووس دەترسێت، لەخۆی دەترسێتو متمانەی بەو پۆستە نییە کە وەریگرتووە! راستە لە دنیای دیموکراسیشدا جۆرە ململانێو کێبەرکێیەك لەنێوان دەسەڵاتو رۆژنامەنووسدا هەیە، بەڵام ئەو کێشەو ململانێیە لەوڵاتی ئێمەدا بە ئاراستەیەکی مەترسیداردا رۆیشتووە، ئەمەشیان دوو حاڵەتە، یەکەمیان بەشێك لە کایەی حزبو سیاسیو حکومی لە وڵاتی ئێمەدا وەکو دوژمن سەیری ( نەك هەر رۆژنامەنووس)، بەڵکو هەموو رەخنەگرێك دەکات. پێیوایە هەرکەسێك رەخنە لەو بگرێ ئەوە دوژمنیەتی! لەکاتێدا رەخنە لە شتی جوان دەگیرێو بە جۆرێك لە جۆرەکان لە خزمەتی رەخنە لێگیراودایە. بۆیە ئەم جۆرە تێگەیشتنە سلبیەی دەسەڵات لەسەر رۆژنامەنووس هەستی پێدەکرێت.

دووەم: بەشێك لە رۆژنامەنووسانی ئێمە نەیانتوانیوە پەیرەوی پرەنسیپەکانی ئەخلاقیەکانی پیشەی رۆژنامەنووسی بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا رۆژنامەنووسی باشو جددیو قەڵەمی باشمان هەیە، لەهەمانکاتیشدا پابەندی ئەخلاقیاتی پیشەی رۆژنامەنووسی بووە. وێرای ئەمانەش پێموانییە کە زمانی زبرو توند لە رۆژنامەگەریدا، بەر لە هەمووشتێك خزمەتە بۆ ئەو کەسانەی کەوا دەسەڵاتی خراپ بەکار دەهێنن، لەهەمانکاتیشدا بە زەرەرو زیانی ئەو کەسانەش تەواودەبێت کەوا دەیانەوێ ئیش لەسەر قوڵکردنەوەو بنەماکانی رۆژنامەنووسی بچەسپێنن لە وڵاتی ئێمەدا.

زنار: بە فەرمی داواتان لە حکومەت کردووە کە ئابلوقەی رۆژنامەنووسی سەر قەندیل هەڵگرێت.

زیرەك کەمال: بەڵێ، بە فەرمی بەیاننامەمان دەرکردووە.

زنار: وەڵامیان چی بوو.

زیرەك کەمال: تا ئێستاش وەڵامیان نەبووە.

زنار: دواین زانیاری لەسەر یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسان چییە.

زیرەك کەمال: لە٩/٢وەکو ئەنجوومی سەندیکا کۆبوونەوەیەکی فراوانمان بۆ سەرنووسەری رۆژنامە ئەهلیو حزبیەکان کرد، تیایدا هەموو ئەو برگەو مادانەی کە مایەی نیگەرانیو سەرنجو گازندەی رۆژنامەنووسان بوون، سەرلەنوێ تاوتوێمانکردنەوەو دواتر ناردمان بۆ پەرلەمان. پێشمانوایە ئەوەی ئێمە ناردوومانەتەوە بۆ پەرلەمان بەو سەرنجو رەخنەو تێبینیانە ئەگەر ئاوا پەسەندبکرێت١٠٠٪لە خزمەتی رۆژنامەنووساندایە.

گوزارشت

# پەیامنێرو کاری پەیامنێری



herish82@yahoo.com

بەو پێیەی رۆژنامەنووسی، پیشەیەکە پەیوەندیی بەهەموو لایەنە جیاوازەکانی کۆمەڵگاوە هەیەو هەوڵدەدات روناکی بخاتە سەر دیوە تاریکەکان‌و هەموو سیماکان بخاتەڕوو، بۆیە کارکردن تێیدا فرە کارو فرە رەهەند دەبێت.

کاری پەیامنێری یەکێکە لەلایەنە دیارو پێویستەکانی پیشەی رۆژنامەنووسی‌و بەکۆڵەگەیەکی پتەوی ئەرکی هەواڵ‌و زانیاریگەیاندن دادەنرێت. بەشێکی گەورەی پێکهاتەی رۆژنامەنووسییەو سەرچاوەیەکی گرنگی بابەت‌و مەتریاڵە زیندووەکانێتی.

کەواتە، پەیامنێر-یش ئەو رۆژنامەنووسە مەیدانییەیە، هەستیارترین‌و گرنگترین بەشی کاری رۆژنامەنووسی پێکدەهێنێت‌و وریاو بەئاگاو هۆشیار، چاودێرێکی بەردەوامی روداو و پێشهاتەکانە، کارەکتەرێکی رۆشنبیری بوارەکەی خۆیەتی، جگە لە کارەکەی خۆی، تاڕادەیەك لەبارەی بوارەکانی دیکەش زانیاریی هەیە، ئاگاداری بەندو بڕگە یاساییەکان بەگشتی‌و یاساکانی پەیوەست بەمیدیاو رۆژنامەنووسی لەلایەك‌و، پرەنسیپە گشتیەکانی ئێتیکی کاری رۆژنامەنووسییە.

پرسیارەکە لێرەوەیە: بەگوێرەی ئەو پێناسانەی سەرەوە بۆ چەمکی کاری پەیامنێری‌و پەیامنێر، لەرۆژنامەنووسیی کوردییدا شتێکمان بەو ناوانەوە هەیە؟!.

ئەمە گەوهەری ئەو بابەتەیە، کەرۆژنامەنووسیی کوردی لەپێناو کارابوون‌و بەجێگەیاندنی تەواوەتی ئەرکی هەواڵ‌و زانیاریگەیاندندا پێویستە بیوروژێنێت‌و لەگەڵ خۆیدا گفتوگۆی بکات، چونکە گرفت‌و کەموکوڕی لەو لایەنەدا، گرفت‌و کەموکوڕیی گەورە بۆ تەواوی کایەکە دروستدەکات‌و دوچاری بێ متمانەبوون لای خوێنەرو نەبوونە چاودێرو نەرۆیشتن لەگەڵ رەوتی روداوەکان‌و کێشەگەلی یاسایی‌و ئێتیکیی دەکات.

کاتێك پەیامنێر لەشوێنی روداوەکەو لەکاتی خۆیدا ئامادەنەبێت‌و گەرماوگەرم واقیعەکە بەئەمانەتەوەو وەکو خۆی نەگوازێتەوەو وەڵامی هەموو پرسیارەکانی هەواڵ نەداوەتەوەو وێنەی نەگرێت‌و لەوەرگرتنی لێدوان‌و را جیاوازە پەیوەندارەکاندا رەچاوی بابەتیبوون نەکات، بەدڵنیاییەوە ناتوانێت ببێتە ئەو کۆڵەگە گرنگەی رۆژنامە، گۆڤار یان دامەزراوە میدیاییەکەی. نەك بەپێچەوانەوە، وەك هەندێجار دەبینین یان دەبیستین پەیامنێرەکە هەر لەشوێنی خۆیەوە، بەبێ چوونە شوێنی روداوەکە، زانیارییەکان لەکەسێکی دیکە دەبیستێت‌و "لەسەر سیقە" بۆ رۆژنامەکەی خۆی دەنێرێت. یان تەنها بەتەلەفۆن پەیوەندیی بەلایەنە پەیوەندارەکانەوە دەکات‌و دەیکاتە هەواڵ.

لەگەڵ ئەوەی هەندێجار پەیامنێرەکان هەوڵنادەن خۆیان هەواڵ یان راپۆرت یان رێپۆرتاژ یان چاوپێکەوتنەکە بەجوانی‌و رۆژنامەنووسییانە دابڕێژنەوە، بەڵکو تەنها زانیارییەکان بەدارشتنێکی ناپرۆفێشناڵ‌و کوردییەکی زبر بۆ رۆژنامەکەیان دەنێرن. هەروا بەکارهێنانی ناسنامەی کارەکەی بۆ کارو بەرژەوەندیی تایبەتی‌و ... تاد، کەهەموو ئەمانە کاریگەرییان بۆسەر ناوو ناوبانگی خۆیان‌و رۆژنامەکەیان هەیەو بەرادەیەکی زۆر دایدەبەزێنێت.

# دیاردەی بە سوك ناوهێنانی کەسەکان لە ڕێگەی ناوەکانیانەوە



سووکایەتی کردن بە منداڵ کاریگەری دەروونی بەسەریەوە دەبێت کە گەورە بوو

هەموو مرۆڤێك کاتێ لە دایك دەبێ ناوێکی لێدەنرێت. بێگومان ناو دوای ڕەنگو روخساری ئینسان گرنگترین ئامرازە بۆ جیاکردنەوەی مرۆڤەکان لەیەکتری، بێگومان ئێمە لەم ریپۆرتاژەدا مەبەستمان نییە بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی ناوو لە رووی میتۆلۆجیەوە زەمینەی دروستبوونی ناو بزانین، بەقەد ئەوەی مە بەستمانە لە ڕێگەی ئەم راپۆرتەوە دیدگاو رای ئەو کەسانە وەربگرین کە ناوێکیان لێیەو خەڵکی بە پێچەوانەوە یان زۆرجار بۆ ئیستیفزازکردنی کەسو نارەحەتکرنی بەکاری دەهێنن، هەندێکی تریش بۆ خۆشەویستی گاڵتەی هاوڕێیانە، بۆنموونە لەناو کورددا هەمیشە بە مەحمودەکان دەڵێن(خولە).. ئەم پرۆسەی ناونانو ناو لێگۆرینە زۆر کەسی نارەحەت کردووەو هەندێکجار ناخۆشی گەورەی لێکەوتۆتەوە.. هەندێك گوندو ناوچەی شاخاوی کوردستان هەیە بەتایبەتی دۆڵی بالیسانی خۆشناوەتی هەندێك گوندیان، مومکین نییە هەر کەسێك دەبینی جگە لەناوە راستەقینەکەی خۆی بەناوێکی دیش بانگ دەکرێ، تەنانەت هەندێکجار ئەوەندە ناوی سوكو بێرێزانە دەخەنە پاشناوەکانیان مرۆڤ قێزی لێ دێتەوە. بێگومان هەندێك خەڵك هەن کاتێ منداڵێکیان لە دایك دەبێت، خۆ بۆیان دەکرێ لەم ناوانە دوور دەکەونەوە کە بە ئاسانی لە رووی ریتمو مۆسیقاوە لەگەڵ ناوی کەرەستەیەکی سوكو یان کردارێکی شەرم ئامێز دێت خۆیان دەپارێزن.

عەبدوڵڵا گەنجێکە خەڵکی ئەو دەڤەرەی بناری قەندیلە دەڵێ" زۆرم پێناخۆشە هەندێك خەڵك پیم دەڵێن (عەبە) ئەمە ناوی من نییەو من نازانم ئەم ناو گۆڕینە چییە لەناو کورددا هەیە باوەڕناکەم هیچ میللەتێکی دیکە بەم شێوەیە لەگەڵ ناوەکان مامەڵە بکاتو بەسوکی ناوی بهێنێ". هاوڕێیەکم بەناوی مامۆستا مەحمود بۆی گێڕامەوە گوتی" دوای ئەوەی کوڕی

یەکەممان لە دایك بوو، پورو پلك لێمان کۆبوونەوەو یەکێکیان بڕیاریدا کوڕەکەم ناو بنێم (خدر) مەبەستی ئەوە بوو بەناو کەسێکی مردووی ئەوانی بکەمەوە، کە پێیان گوتووە( خلە خولە) لەبەر ئەوەی خۆی خدرو باوکی مەحمود بووە، بەپێکەنینەوە لێیان هاتمە دەنگو گوتم" خەمی ئەوەم نییە کە کوڕەکەم خدر بێو پێی بڵێن خلە، بەناو خدری ناکەم لە ترسی خولەیی خۆم". لە کۆندا لە کۆمەڵگەی کوردیدا باو بووە، بەتایبەتیش لە لادێیەکان، هەندێ ئاسانکاریشی بۆ کردوون بۆ نموونە لەسەر شاخێکەوە بانگی یەکتریان کردووە، دیارە بۆ بانگکردن لە دوورەوە ناوی کورت خۆشتر دەردەبڕدرێت. ئەوکاتە خەڵك پێی ناخۆش نەبووە بەم شێوەیە بانگ بکرێ، بەلام ئێستا تەواوی شتەکانی دونیا گۆڕاون خەڵك ناوی کورتکراوە بە سوك سەیر دەکاتو کەس پێی خۆش نییە ناوی مستەفا بێتو بە مچە بانگ بکرێ یان وەکو من ناوی مەحمود بێتو پێی بڵێن خولە، یان ئیبراهیم بێتو بڵێن (بلە). یاخود غەفور بێتو پێی بڵێن (غەفە، یان فەخفور). هاولاتیەك بەناوی عەبدوللاّ گوتی. من زۆرم پێناخۆشە کە ناوم عەبدوللایەو ناوی بەندەی خودایە کەچی هەندێك خەڵك پێم دەڵێن عەبە، وەنەبێ بەرەو رووی خۆت ئاوا بانگت بکەن، پاشملە بەم شێوەیە ناوت دەهێنن، ئەوانەی وا دەکەن کەسانی دوورو بیرێزن ئەگینا چۆن ناو بە سوکی دەهێنن. مستەفا حوسێنیش گەنجێکی دیکەیە دەڵێ" هەرکاتێك بە مچە ناوم دەهێنن یان بیستوومەوە وا دەزانم گەورەترین جوێنم پێدەدەن بەراستی پێمناخۆشە، نازانم بۆ کورد بەم شێوەیە ناوەکان بەکار دەهێنێ". هەندێك خەڵکی دیکەش هەن لە خۆشەویستەوە ناوەکان لە رێگەی زمانەوە دەگۆڕن بۆ نموونە" خەڵکانێکم دیتووە لە خۆشەویستی کوڕەکەیان کە ناوی بەڵێن بووە بە حەمە بانگیان کردووە. گەنجێکی دی کەناوی سامان بوو دەیگوت، من کاتێ پێم دەڵبێن سامە، وادەزانم جوێن بە دایكو خوشكو برام دەدەن، کاکە گەر لە هەویەکەم نوسراوە سامە وابڵێن بەلام بۆی بە سوکی ناوم دەهێنێ. محمدیش گەنجێکی دیکەیە دەڵێ من خۆم بە موسلمان دەزانمو ناویشم محەممەدە، بۆیە قبوڵناکەم پێم بڵێن حەمە، چونکە ئەوە سوکایەتیە بەناوێکی پیرۆز کە پێغەمبەری موسلمانانی بەناوە بووە، باوكو دایکیشم لە خۆشەویستی ئەو ناوەیان بۆمن داناوە، هەروەها سوکایەتیە بە منیش وەکو مرۆڤێك. بۆیە پێویستە خەڵکی ناوەکان وەکو خۆی بەکار بهێنێتو دوورکەونەوە لەناوو ناتۆرەو بەسوك ناوهێنان.

# خوێندنەوەیەکی کورت بۆ پرۆژە

**ئا: بروا مەحمود سلێمانو ئارام کەریم عەباس**

ئەمرۆ لەکوردستان بەردەوام گوێبیستی وشەی پرۆژە دەبین، ئەو وشەیەی کە زۆرجێگەی بایەخو ئەولەویەت پێدانە، بەو سیفەتانەی کاریگەری گەورەی لەسەر بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگا بەگشتیو تاکەکان بەتایبەتی هەیە، بەلاّم پێویستە بزانرێت، پرۆژە چیە؟. لایەنی جێ بەجێ کاری پرۆژە؟ گرنگیو ئامانجی چیە؟. چوارچێوەی پرۆژە؟. پێداویستی پرۆژە؟. ئاستەنگەکانی پرۆژە؟. رۆڵی پرۆژە لەخزمەتکردنی کۆمەڵگا؟.
پرۆژە گوزارشت کردن لە کارێکی پلان بۆ داڕێژراو لەبوارە جۆربەجۆرەکانی(وەبەرهێنان، کشتوکاڵ، پەروەردە، تەندروستی.....)لەپێناوی خزمەت کردنی کۆمەڵو بوژاندنەوەو گەشەپێدانی ئابووری ولاّت، لە زۆربەی ناوچە جیاجیاکانی عێراقو کوردستان بەرادەی خۆی بەردەوام هەوڵی بنیادنانو دروست کردنی پرۆژەکان دەدرێت، بەلاّم پرۆژەکان لەدوو لایەنەوە هەوڵی هێنانەدیان دەدرێت، ئەوانیش(کەرتی گشتی، کەرتی تایبەت)واتە حکومەتو هاولاّتیان هەڵدەستن بەم کارە، بەلاّم زۆرینەی پرۆژەکانی خزمەت گوزاری وەبەرهێنانی گەورە، حکەمەت پێ‌ی هەڵدەستێو تێچوونو خەرجی لە ئەستۆی حکومەتە، زۆربەی پرۆژەکانیش بەشێوەی رەسمی لەچوارچێوەی گرێبەست لەلایەن کەرتی تایبەتەوە جێ بەجێ دەکرێن، بەو سیفەتەی کەرتی تایبەت کاراترە لە راپەڕاندنو رایکردنی کارەکانی، روونو ئاشکرایە هەر پرۆژەیەك گرنگیو بایەخی خۆی هەیە لەهەر بوارێك دابێت، چونکە چەندین رەهەندی دیکەی وەکو دابین کردنی هەلی کارو بەگەڕخستنی دەرامەتە ئابوورییەکانو کەم کردنەوە ئاستی بێ کاری لێ دەکەوێتەوە، ئەمە جگە لە شوێنەوارەکانی دیکەی وەکو خزمەت کردن بە کۆمەڵگاو دابین کردنی پێداویستی دانیشتوانو پێشخستنی کۆمەڵگا لەگەڵ هێنانەدی گەشەپێدانی ئابووری ولاّت.
هەر پرۆژەیەك چوارچێوەو پرۆگرامێکی نەخشە بۆ داڕێژراوی هەیە، کە لە لایەن دەسەلاّتی گشتیەوە لەرێگەی کەسانی پسپۆرو شارەزاوە رەنگرێژی پێشوەختی بۆ کراوە، لەڕوانگەی(تێچوون، ماوەی تەواو بوون، گرنگی...هتد)هەرپرۆژەیەك بەتایبەت حکومی (کەرتی گشتی)کە بڕیاری جێ بەجێ کردنی بۆ دەدرێت، بەشێوەیەکی ئاشکرا رادەگەیەنرێت، تاکو لەلایەن بەڵێندەرێکەوە وەربگیرێتو بچێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، بەگوێرەی ئەو پرۆتۆکۆڵە دەبێت لەنێوان حکومەتو بەڵێندەر دایە پێویستە جێ بەجێ بکرێت، دیارە بەڵێندەریش کەسێکە توانای گرتنەخۆی پرۆژەی هەیە، بەهاوکاری دەستەیەکی شارەزاو هونەریو بەئەزموون بەپێ‌ی سروشتی پرۆژەکە، بەمەبەستی سەرکەوتن لە جێ بەجێ کردنی دا، بەلاّم پێویستەخاوەنی کۆمپانیا واتە بەڵێندەر خاوەنی سەرمایەیەکی باشو گەورە بێت، گوێڕایەڵی سەرجەم رێنماییو برگەو بریارەکانی ئەو لیژنەیە بێ کە لەلایەن فەرمانگە حکومیو لایەنە پەیوەندیدارەکان دەسنیشانکراوە.
هەر پرژەیەك بەگوێرەی سروشتو هەلو مەرجی خۆی پێویستی بە کەرەستەو دەرامەتی سروشتیو ماددیو مرۆیی هەیە، کە ئەمانە رۆڵی کارا دەگێرن، لە پرۆسەی تەواوکردنی لەو ماوەیەی کە حکومەت بۆ بەڵێندەری دیاریکردووە، دیارە دەرفەتی جێ بەجێ کردنی پرۆژە دەگەرێتەوە بۆ هەلو مەرجی ئابووری حکومەتو سیاسەتەکانی لەچوارچێوەی توانا ئابوورییەکانی، زۆربەی ئەو پرۆژانەی ئەمرۆ لەکوردستان جێ بەجێ دەکرێن لە بوارەکانی (ئاو، ئاوەرۆ، تەندروستی، پەروەردە، گەشتو گوزار، رێگاوبان، تارادەیەکیش بواری وەبەرهێنانو.....هتد)ن، بەلاّم ئەوەی ئێمە تێبینی دەکەین لەهەرێمی کوردستان زۆربەی پرۆژەکان لەکاتو ماوەی خۆیدا تەواو نابن، کەمو کورتیو خراپیەکی زۆریان تێدا بەدیدەکرێت، ئەمەش لە دەرئەنجامی کۆمەڵێك هۆکارەوەیە بۆنموونە ئاوهەوا یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکان بەو پێیەی کوردستان ناوچەیەکە هەر چوار وەرزەکەی ساڵی تیادا بەدی دەکرێت، لەلایەکی دیکەوە گۆڕان لە ئاستی گشتی نرخەکاندا بەجۆرێ، زۆربەی کات گۆڕانکاریە لەناکاوو لەڕادەبەدەرەکان شوێنەواری خراپی لێ دەکەوێتەوە زۆر جار دەبێتە هۆی شکست هێنانی پرۆژە، هۆکاری دیکەی زۆرکاریگەر کە بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە بریتیە لە(پێدانی پێشینە)، ئەمە جگە لە نەبوونی ستافی کارو لێهاتوو، نەبوونی هەندێ مەوادو



# پێویستە بەڵێندەر لەهەر پرۆژەیەکدا بەرنامەی کاری هەبێ لەگەڵ ستافێکی پسپۆڕو بەتوانا

کەرەستەی بنیادنان کە هەم بەهای پرۆژەکە دەگۆڕێت، دەبێتە هۆی دواکەوتنی پرۆژە، لەلایەکی دیکەوە لاوازی بەڵێندەر لەلایەنی مادیەوە ئەمەش بە ئەندازەی خۆی شوێنەواری خراپی لێدەکەوێتەوە، چونکە هیچ پرۆژەیەك سەرکەوتوو نابێت، ئەگەر بەڵیندەر باش‌و بەتوانا نەبێت لەو بوارەدا، بەجۆرێ زۆربەی کات پرۆژەکان دووچاری کۆمەڵێك لەو کۆسپ‌و تەگەرانەی سەرەوە دەبنەوە، بۆیە پێویستە بەڵێندەر لەهەر پرۆژەیەکدا بەرنامەی کاری هەبێ لەگەڵ ستافێکی پسپۆڕو بەتوانا بە ئامانجی تەواوکردنی بەپێی ئەو پرۆتۆکۆڵەی کە لەنێوان هەردوو لا ئەنجام دراوە.

زۆر جار دەبینین کە پرۆژەیەك جێ بەجێ نەکراوە لەکاتی خۆیدا، یان شکستی هێناوە لەکارەکانیدا، یاخود کەم‌و کورتیەکی زۆر لە کارەکانیدا بەدی دەکرێت، کە ئەمە لەلایەك بەفیڕۆدانی دەرامەتە لەلایەکی دیکەوە سەرچاوەی گەندەڵیە، بۆیە لەسەر حکومەت پێویستە لەچواچێوەی هەل‌و مەرجی ئابووری وڵات گرێبەستەکانی لەگەڵ کەرتی تایبەت ئەنجام بدات، بەتایبەت لەکاتی گۆڕانکاری لەنرخی شت‌و مەك‌و هەل مەرجی سیاسی وڵات، لەهەمان کاتدا بەدیکردنی هەر کەم‌و کورتی‌و گەندەڵیەك لەبواری پرۆژەکاندا پێویستە ئیجرائاتی یاسای بگیرێتە بەر بەرامبەر لایەنی جێ بەجێ کار لەپیناوی رایکردنی کارەکان بەشێوەیەکی ستاندار، بەمەبەستی دوبارە نەبوونەوەو چاکسازی، چونکە زۆربەی پرۆژەکان پەیوەندیان بەژیانی مرۆڤەکان‌و پێشخستنی ئابووری وڵاتەوە هەیە، خزمەتی تاکەکانی کۆمەڵگاو مرۆڤایەتی دەکەن.


وێنەی یوکێك لە پرۆەکانی حکومەتی هەرێم



ئەوکاتەی دڵڕەقی باوکێك

خەونی دوو خۆشەویست دەخاتە ژێر گڵەوە

تا خۆڵی سەر
گۆڕەکەیم
بەشانو ملی
خۆمدا نەکرد
ئاسوودە
نەبووم..
خەوت خۆش
بنوو
رەهەندەکەم
منیش رۆژێك
دێم بۆلات...

# رواوی کۆمەڵایەتی

## ئا: فایلی کۆمەڵایەتی

ئێمە خانەوادەیەك بووین لە کوردستانی رۆژهەڵات(ئێران) دەژیاین، ئەوکات زۆربەی خزمەکانمان لە کوردستان بوون‌و منیش کچێکی تەمەن (١٨)ساڵان بووم، من خزمەکانی کوردستانم نەدیتبوو تەنها بە وێنە نەبێت. ساڵی کۆتایی٢٠٠٥دا گەڕاینەوە کوردستان‌و لە شاری(...)نیشتەجێ بووین، چەند هەفتەی بەرایی ماڵمان زۆر قەرەباڵغ بوو تەنانەت کاتی ئەوەم نەبوو لەگەڵ خزمەکانمان دابنیشم‌و ئاشنایەتیان لەگەڵ پەیدا بکەم. بۆیە دوای چەند مانگێك سەردانی شاری(....)مان کرد بۆلای هەندێك لە خزمەکانمان، یەکەمجار چووینە ماڵی پورێکم کە خۆی دەمێك بوو کۆچی دوایی کردبوو، پێنج کچ‌و چوار کوڕی لەدوای خۆی بەجێهێشتبوو. من زۆرم حەز دەکرد لەماڵی ئەو پوورەم بم، چونکە ئەوانم زۆر بە غەریب دەزانی، باوکیشیان لێیان جیا ببۆوە ژنی دووەمی هێنابوو. تا ئەوکاتەش من کوڕە گەورەکەی پوورمم نەدیتبوو کە ناوی (رەهەند)بوو، ئەو شەوەی کە لەماڵیان بووم یەکەمجارم بوو بیبینم، زۆر شەرمم لێی دەکرد، لەو کاتەی کە لەیەك ژوور دانیشتبووین هەستم بەنیگاکانی دەکرد، شتێکی سەیرم لەنیگاکانیدا بەدیدەکرد، بەڵام من بەسەر خۆم نەهێناو لەوکاتەدا خۆم بە منداڵەکانەوە خەریك دەکرد. دواتر لەگەڵ خوشکەکەی چوومە دەرەوە خەریکی قاپ شۆرین بووم. دواتر خوشکەکەی بە دایکمی گوتبوو" بۆچی ساکاری کچتان نادەن بە رەهەندی برام، زۆرمان پێخۆشەو خزمی خۆمانە، خوشك‌و برابچووکەکەشم زۆریان ساکار خۆش دەوێت".. دایکم بەم قسەیە زۆر دڵخۆش بوو گوتبووی منیش پێمخۆشە بەڵام بەو مەرجەی خۆی رازی ببێ. بۆ بەیانیەکەی خوشکەکەی رەهەند هات بۆلام‌و گوتی " ساکار بۆ نابی بە براژنم؟" بەڵام من ئەو قسەیەم بەسوعبەت وەرگرت‌و گوتم" واز لەم قسانە بێنە چونکە زۆر منداڵانەیە". دوای ئەوە گەڕاینەوە شارەکەی خۆمان‌و دوای دوومانگ چووینەوە ماڵی هەمان پوورم.. لەوکاتەی کە لەبەر تەلەفزیۆن بۆ گۆرانیەکی (هایدە) دانیشتبووم، زڕ دایکەکەیان‌و خوشەکەکانیشی لەوێ دانیشتبوون. رەهەند هاتەوەو بێ ئەوەی بێتە لامان چوو خۆی گۆڕیوو دواتر هاتە لامان، من ئەوکات زۆرم پێ جوان بوو، باڵایەکی زۆ بەرز، چاوکێ مەست، بە دەنگە میهرەبانەکەی، بەخێرهاتنی کردین‌و دەستەکانی دایکمی ماچکردو لەوکاتەدا هات بەرامبەرم دانیشت، کاتێ کە دایکم لەگەڵ خوشکەکانی قسەی دەکرد ، منداڵە بچووکەکەیان دەستی لە کۆنترۆڵی سەتەلایتەکەداو لە گۆرانیەکە لایدا، رەهەند لەبەر ئەوە کردارەی زللەیەکی لە منداڵەکەداو گریا، من لەو کاتەدا زۆ بە زەییم بە منداڵەکەدا هاتەوەو گوتم بۆچی لێتدا؟ تا من لێرەبم کەس بۆی نییە لێیان بدات، منداڵەکەم خستە ئامێزو پارەم دایەو ژیرم کردەوە، رەهەندیش گوتی"هیوادارم تا ئەبەد هەروا بۆیان میهرەبان بی" من ئەوکات زۆر لەمەبەستی پشتی ئەو قسەیە نەگەیشتم، کاتێ زانیم دایکم لەگەڵ خوشکە گەورەکەی خافلاوە فرسەتم هێناو پێموگوت( خۆت دەزانی من کوردی باش نازانم، ئەم قەسەیە یەعنی چی؟) ئەویش بە دەنگێکی نزم‌و داخورپاوەوە بە فارسی گوتی" خۆشم دەوێی" ئەم قسەیە کاریگەری لە دەروونم کرد، بەڵام من بێدەنگك بووم‌و خۆم بە سەیرکردنی تەلەفزیۆن خەریك کرد، ئەویش لەوکاتەدا هەستاو چووە ژوورێکی دی.. من لە داڵغەی قسەکەی دابووم لەو کاتەدا خوشکە بچوکەکەی گوتی" باجی ساکار کاکم بانگت دەکات". من بەقسەکەی یەکەمجار نەچووم بەڵام ئەو هەر وازی نەهێناو دووبارە بانگی کردمەوە.. من بەدەستی خۆم نەبوو نازانم چی وایلێکردم یەکسەر هەستم‌و بچمەلای، کاتێك چوومە لای گوتم(فەرموو)، ئەو زۆر بە غەریبی‌و غەمباریەوە دەستی کرد بە گێڕانەوەی ژیانی بەدەست باوەژن‌و باوکە دڵڕەقەکەیەوە، ئەو زۆر گریاو منیش سەیرم دەکردو فرمێسکم لەگەڵ فرمێسکەکانی دەهاتە خوار، ئەو هاتە سەر قسەی دڵی خۆی بەرامبەر بەمن‌و داوای منی دەکرد، منیش باش هەستم بە خۆشەویستی ئەو دەکرد بەرامبەر بەخۆم، بەڵام نەمدەتوانی بە زوویی وەڵامی ئەرێنی بدەمەوە بۆیە گوتم" مۆڵەتم پێبدە بیرێکی لێبکەمەوە" بەڵام ئەو گوتی بەس وەڵامەکەت نەخێر نەبێ یەك ساڵ بیربکەوە. لەم سەفەرەماندا کە بیست شەومان پێچوو لەماڵی رەهەند بووین، من کاتێك عەشقی ئەوم بەرامبەر بەخۆم بینی وردە وردە دەگەیشتمە قەناعەت، چونکە ئەو کوڕە پووریشم بوو، پاش یەك هەفتە قسەمان کردوو پێمگوت" من لەبەر ئەوەی خۆشەویستیم نەکردووە، ناتوانم پەیوەندیت لەگەڵ ببەستم، بەڵام کاتێك هاتیە داخوازیم، ئامادەم شوت پێبکەم". ئەویش بەمە زۆر دڵخۆش بوو گوتی ئەمە باشتریشە هەر چۆنێك بێت تۆ بە دڵت بێت من ئامادەم. کاتێك لەگەڵ دایکم لەو بارەیەوە قسەم کرد گوتی زۆر باشە بەڵام با لەگەڵ باوکیشت قسە بکەم، لەو کاتەی کە بۆ باوکم قسەی دەکرد من خۆم گرتبوو، کاتێك باوکم گوێی لەو قسانە بوو کردی بە بەزم‌و هات‌و هاوارو گوتی" کچ کچی خۆمە بیدەم بە کەر نایدەم بە رەهەند، با قسەی خۆشی سەرف نەکات" ئەو شەوە تا درەنگانی شەو خەوم لێنەکەوت کە زانیم باوکم خەوتووە، مۆبایلەکەم هەڵگرتوو نوکەیەکم بۆ نارد، ئەویش کردیەوەو باسی مەسەلەکەم بۆکرد، ئەویش بە بیستنی ئەم قسانە زۆر قەڵس بوو گوتی" گەر دنیاش هەستێ تۆ هەر هی منی، بەیانی باوکم‌و باپیرەم‌و چەند پیاوێك دەنێرم". ئەو دڵخۆشی دەدامەوەو دەیگوت" گەشبین بە دڵی باوکت خۆ بەرد نییە بۆکوێ دەچێ هەر رازی دەبێ". دوای ماڵئاوایی لە تەلەفۆنەکە هەزار نزام دەکرد تا دڵی باوکم نەرم ببێ.. بەیانی داهات‌و سێ ئۆتۆمبیل هاتن مەلاو ریش سپی‌و پیاوماقوڵی تێدابوو، کاتێك داوایان کردم لەگەڵ ئەوەش زۆربەیان خزم بوون بەڵام باوکە دڵڕەقەکەم هەر نەهاتە ژێر باری داواکاری‌و قسەکانیان، سەرباری ئەو هەموو پاڕانەوەیان رازی نەبوو ئەوان ناچار بوون بڕۆنەوەو جارێکی دی بێنەوە، بەڵام بەداخەوە هەر بێسود بوو، منیش دەبوو هەموو سەرەمانگێك بچمە ئەو شارەی ماڵی رەهەند لێیە بۆلای دکتۆر هەموو جارێك دەمگوت خوایە چاك نەبمەوە بەس نییە بە هۆی نەخۆشیەکەمەوە هەمووجارێك رەهەند دەبینم. بەڵام بەداخەوە ئەم جارەیان کاتێك باوکم زانی سەری مانگە گوتی" نابێ بچی" نەیهێشت بچم‌و لە شارەکەی خۆشمان دکتۆری وای لێنەبوو، رۆژ بەرۆژ نەخۆشیەکەم پیستری دەکرد، دوو هەفتە لە جێگادا بۆی کەوتم تا دایك‌و نەنکم بە باوکمیان گوت" خۆ تۆ کچت لەبەر هەتاو نەدۆزیوەتەوە خەریکە دەمرێ؟ بۆچی لای دکتۆرت لێ قەدەغەکردووە".

دواتر بە نەنکم‌و دایکم منیان بردە لای دکتۆر لەو شارەی رەهەندی لێ دەژیا، ئەگەرچی باوکم ئەوەی زۆر پێخۆش نەبوو، کاتێك رەهەند لە نیوەی رێگادا تووشمان بوو دەچووینە لای دکتۆر، ئەوکات دایکم چاك دەیزانی من‌و رەهەند چەندە یەکتریمان خۆشدەوێت، کە خۆشەویستی دونیاو قیامەتم بوو، لەوکاتەدا لەگەڵ رەهەند لەتەنیشی یەکەوە چووینە لای دکتۆر، کاتێك بەڕێگەدا دەڕۆیشتم وام هەست نەدەکرد نەخۆشم‌و وام دەزانی یەکەم رۆژی بۆکێنیمەو دەچینە ناو لانەکەمان.. ئاخ کە چ رۆژێکی جوان‌و گەورە بوو، کە چووینە لای دکتۆر گوتم دایکە ئێستا نا ڕۆم بۆ ژوورەوە، ئەویش گوتی درەنگە گەر ئێستا نەچیتە ژوورەوە تا دوومانگی دی سەرەت نایە. من بۆیە گوتم ناچم چونکە هونەر پێی گوتبووم نابێ بچیە ژوورەوە تا لە بازاڕ دێمەوە چونکە ئیشێکی بە پەلەم هەیە.. من ناچار بە قسەی دایکم کردوو چوومە ژوورەوە، لەبەر ئەوەی لوتم پێویستی بە نەشتەرگەری هەبوو دەبوو دکتۆر سەرەتا جوان بیشوات‌و پاکی بکاتەوە، ئەمەش ئازارێکی زۆری هەبوو، لەبەر ئازار پڕ بە قاوشەکە دەمقیژاند دواتر بێهۆش بووم،

## ئێستاش شەوانە دێتە خەونمو خۆم نیشان دەداتو لەبەر چاوم خۆی ون دەکات.. ئاخر رەهەند گیان، ساکاری بێدەسەلاَت تاوانی چییە کە دەبێ تەنیا لەخەودا بتبینێ

کاتێك رەهەند دێتەوەو بەم حاڵەوە من دەبینێ دەچێ لە دکتۆرەکە تورە دەبێ، بەلاَم دکتۆرەکە بەسەر خۆی ناهێنێ چونکە باش لە دەردی ئەوینی رەهەند تێگەیشتبوو. کە رەهەند هاتەلام، من زۆر بە کەمی زەینم لەسەر خۆم بوو، تەنها شتێك هەمیشە لەهۆشی مندا بوو رەهەند بوو، ئێستاش کە بیری لێدەکەمەوە نازانم بۆچی ئەوەندە بێشەرم بووم، لەبەر چاوی دایکم چەندجار دەستی رەهەندم گرتو توند لەناو دەستەکانم گوشیمو پێمگوت .. بۆچی بەجێت هێشتم؟، رەهەند لەو کاتەدا بە بینینی ئەو دیمەنەو کەوتنی من لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانە بەم حاڵەوە دەگریا، ئێوە نازانن منو ئەو کورە چەندە ئەوینی یەکتریمان لە دڵی دابوو، من ئامادەبووم گیانی خۆمی لەپێناودا دابنێم. کاتێك لە نەخۆشخانە دەرکراینو هاتینە دەرەوە، رەهەند هەر لە گەڵم بووو منیان هێنایەوە ماڵی نەنکم، رەهەند سێ رۆژ بوو کارو کاسبی خۆی بەجێهێشتبوو، بەتەمابوو نەچێتەوە تا من چاك دەبمەوە بەلاَم لەبەرئەوەی من زۆر تکام لێکرد رۆژی چوارەم چۆوە سەر ئیشەکەی خۆی، ئێوارەش هاتەوە ماڵی نەنەم ئەو بۆ ئەوێ ئاسان دەهات چونکە نەنەی ئەویش بوو، کە هاتە ژوورسەرم، سەری ماچ کردم زۆر عاشقانە چەندجارێك دوعایەکی بۆ خوێندمو گوتی"ساکە گیان بەقوربانی یەك دەقیقەت بم، من تۆم هەیەو هەموو دونیا بە پەنجەیەکی ساغی تۆ نادەم".. مۆبایلێکی بۆ هێنابوومو گوتی" دەمەوێت ئەو دیاریەم لێوەرگری تا لە ماڵی خۆتان مەجبوور نەبی داوای وەرگرتنی مۆبایل لەکەس بکەی". من هاندی مۆبایلو سیمکارتو کارتی بالاَنسیشم لێوەرگرتو زۆر خۆشحاڵ بووم تەنانەت هەستم نەدەکرد کە نەخۆشیشم، دوا ژوانمان لەماڵی نەنەم لەگەڵ یەکتر بەستو نەخۆشیەکەشم باشتر بوو دواتر گەڕاینەوە ماڵی خۆمان.

ئەو چەند رۆژەی کە لەگەڵ ئەودابوومو زوو زوو دەمدیت، هێندەی دی ئەوم لەلا خۆشەویستو گەورەتر دەبوو، ئەو خۆشەویستیە چرکە بە چرکە لە دەروونی مندا بالاَی بۆ ئەو دەکرد. نازانم بۆچی هەر کە گەڕاینەوە ماڵەوە باوکم پەست بوو، خوا خوای ئەوەی بوو کارێکی نا بەدڵی ئەو بکەمو بیکاتە پاساوی تورەبوونی بەسەر مندا، بەخوا لەو رۆژەوەی دایکم بۆ یەکەمجار باسی ئەو مەسەلەیەی بۆ ئەو کردبوو، بەردەوام لەماڵی ئێمە هەر شەڕو هەرابوو، هەندێکجار حەزم دەکرد لەوماڵە هەلاَتبام. سەرەنجام جارێکی دیکەش ماڵی رەهەند هاتنەوە بۆخوازبێنیم، بەلاَم وەلاَمی باوکم هەروەکو جاری پێشووی رەق بوو بەرامبەریان، لەبەرامبەر ئەوەشدا منو رەهەند زیاتر درەختی خۆشەویستیمان بۆ یەکتری بالاَی دەکرد.. ئەو شەوەی کە خوازبێنی کەرەکان رۆیشتنەوە باوکم ئاگری رق دەروونی داگیرکردبوو، چەندینجار ئەو خزمانەی بە تورەییو ناخۆشیو وەلاَمی زبر لەماڵەکەی خۆی دەرکردبوو، تەنها لەبەر ئەوەی هاتوونەتە خوازبێنی منو ئەو، ئەو رقەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە لە رابردوودا لەگەڵ باوکی رەهەند شەڕیان بووە..

من جورئەتم دایە بەرخۆمو بە باوکمم گوت" من جگە لە رەهەند شوو بە کەسێکی دی ناکەم"، بە بیستنی ئەو وشانە لە دەمی من، هێندەی دی ئاگری رق دەروونی داگیرکردوو سێ بەسێ تەلاَقی خوارد کە هەر ئەم شەو لەماڵ بە دەرم بنێ.. منیش ناچار لەگەڵ ئامۆزاکەم لەماڵ هاتمە دەروو جلو بەرگی خۆشم هێنا، هەر ئەو شەوە شتەکە گەورەبوو مامم ئامۆزاکانم باوکمیان بانگکردە ماڵی مامم.. ئەوان بەهەموویان سەریان خستە سەریو پێیان گوت، کێ دەڵێ ئەم کوڕە کچەکەت هەڵناگرێ ئەوەش نابێتە هۆی حەیاچوونمان.. ئەویش هەر لەسەر قسەی خۆی سووربوو دەیگوت" وەڵلاَهی شتی وا رووبدات نایەڵم بگاتە سەعاتێك هەردووکیان دەکوژم"، ئەو شەوە تا سەعات دوزادە لەگەڵ باوکمدا خەریك بوون، تا وایانلێکرد باوکم رازیببێت، ئەویش بەو مەرجەی لە یەك شەودا مارەی بکەنو بیگوازنەوە.. منیشو رەهەندیش ناچار بەمە رازیبووینو هەر ئەو شەوە تەلەفۆن بۆ رەهەند کرا کە بەیانی زوو بێن بۆ داخوازی، بەبیستنی ئەم هەواڵە رەهەند زۆر دڵخۆش دەبێتو، بۆ سبەی ئێوارە مامیو رەهەند دێنە لای مامم، کاتێك دەپرسن چۆن بوو باوکی ساکار بەوە رازی بوو، مامم دەڵێ" مەرجی سەرەکی برایەکەم ئەوەیە رەهەند نابێ سەر بەم شارەدا بکات، ئەگەر نا دەیکوژێ، ساکاریشی بە لەعنەت کردووە". مامی رەهەند ئەوەی پێخۆشنابێو دەڵێ بۆچی زەواجی ئەم دوانە ئەو سوکایەتیەی تێدایە؟! دواتر تەلەفۆن بۆ باوکی رەهەند دەکات باسی مەرجەکانی باوکمی بۆ دەکات، بەم کارە نێوان باوکی منو رەهەند چەندە ناخۆش بوو ئەوەندەی دیکەش ناخۆش دەبێ، لەبەر ئەم قسانەی باوکم مامی رەهەند دەڵێ ئێمە ناچینو کچی ئەومان ناوێ. رەهەند کاتێك دەبینێ باوکیو مامەکانی خۆیان لێی بێبەری دەکەن نازانێ چیبکات دەست دەکات بە هەراو گاڵەگاڵ.

من ئەو رۆژە هەر لەماڵی مامم بووم، ئەوان هەر نەهاتنو باوکیشم هەر لە بەهانەیەکی ئاوا دەگەڕا کە ئەو شەوە نەیەن. کاتێ کە باوکمو مامەکانم زانیان ئەوان نایەن بۆ خوازبێنیم، کردیانە بەزمو لەناو خۆیاندا دەمەقاڵێیان بوو. دوو ئامۆزام هاتن گووتیان ئەو کوڕەی کە خەریکە بۆی شێت دەبی تۆی ناوێ، گوتم " کێ وادەڵێ؟" گوتیان ..مامی. منیش گوتم مامی چاوی دەردەهات خۆمن شوو بە مامی ناکەم،تەنیا قسەی رەهەند بۆ من گرنگە"، ئەوانیش بەوە شێتگیر بوونو گوتیان" هەی بێشەرەفو بێناموس سەری ئێمەت شۆڕکرد هەر دەتکوژین"، ئەو شەوە زۆریان لێدام، چاکبوو ئامۆژنم هاتو لەبەردستیانی دەرهێنام. هەر ئەو شەوە باوکمو ئامۆزاکانم لە ماڵی مامم کۆبوونەوەو تەگبیری کوشتنی منیان دەکرد، ئامۆزایەکم دەیگوت"خشتەیەکی لە قاچی دەبەستمو بە ئاوی دادەدەم" یەکێکی دیکەیان دەیگوت" بالیفی لەسەر دەم دادەنێمو دەیخنکێنم". ئەوان هەموویان رقیان لەمن دەبۆوە، نازانم لە کێیان بیستبوو کە رەهەند مۆبایلی بۆ من کڕیوەو چەندین جار ژوانمان هەبوو، ئیدی بە تەواوی لێم هار بوون. لەو ماوەیەدا هیچ هەواڵی

رەهەندم لا نەبوو، خەریکبوو بۆی شێتبم، ئەو شەوە چەندینجار تەلەفۆنی بۆ ژنی ئامۆزایەکم کردبوو تەنها بۆ بیستنی هەواڵێکی من، گوتبووی" توخوا بەس هەواڵێکی ساکارم بدەنێ، توخوا ئاگاتان لێی بێ". ئەو شەوە کاتێ زانیم هیوایەك بۆ ژیان نەماوە گوتم بەر لەوەی ئەوان بێن بمگوژن، من خۆم کۆتایی بە ژیانی خۆم دەهێنم. چووم بەلای سەلاجەکەوەو هەرچی حەب هەبوو دەرمهێنا کە یەك قاپی پڕ دەبوو هەموویانم خوارد بێ ئەوەی پێشتر نانم خواردبێ، بەڵام نەمزانی بۆچی خودا نەیکوشتم، من لەو کاتەدا بوورامەوە نازانم چەندی پێچوو بەڵام بە دەنگی میلهێنانەوەی تفەنگی باوکم خەبەرم بۆوەو راچەنیم، باشبوو پێشتر دەرگاکەم لە دیوی خۆمدا داخستبوو، سەد شەقیان لە دەرگاکە دەدا، نازانم کام مامەم بوو لە ترسی یاساو دادگا تفەنگەکەی لە باوکم وەرگرێو نایەڵێ بمکوژێ، سەعاتێکی پێچوو من ئاگام لەخۆم نەبوو، بەڵام هەستمکرد، حاڵەتەکە تۆزێك هێمن بۆتەوەو ئامۆژنم هاتو بە هێمنی بانگی کردمو گوتی" دەرگا بکەوە" کاتێك دەرگام کردەوە کەسی لێنەبوو، مامم هاتو گوتی " من چیتر تۆ راناگرم، مادام خۆت سوککردو نەیانویستی!" لەگەڵ ئامۆزایەکم سەعات یازدەی شەو هاتمەوە ماڵ، باشبوو لەوکاتەدا باوکم لەماڵ نەبوو، دایکم کە منی بینی دەستی کرد بە گریانو بردمیە ژوورێك، نەوەکو باوکم بمبینێ. دووشەو لەماڵی خۆمان بووم بەڵام باوکم ئاگادار نەبوو وایدەزانی منو رەهەند پەیوەندیمان بەیەکەوە نەماوە، بۆیە حاڵەتەکە تۆزێك لە جاران باشتربوو، هەرچەندە ئەوان بەردەوام بەچاوێکی نزمەوە سەیریان دەکردم، باوکم مۆبایلەکەشی لێ شکاندم، شەوان لەکاتی نوستن بە نهێنی مۆبایلی باوکم دەهێناو قسەم لەگەڵ رەهەند دەکرد هەندێکجار تا سێ سەعاتی دەخایاند، دوومانگمان بەو شێوەیە بەڕێکرد، رەهەند دەیەویست بێمنەت بمو مۆبایلێکی دیکەشی بۆ کڕیبووم بەڵام لەسەر قسەی من وەستابوو کە چۆن بۆمی بنێرێ، ماوەیەك بوو هەستێکی سەیرم هەبوو، نەم دەزانی بۆچی وێنەکەی نایەتە بەرچاوم‌و لەبەرچاوم ون دەبوو، نازانم بۆ، وامدەزانی بەهۆی دووری ئەو سێ مانگە بووبێ لە یەکتری. رۆژێك پێمگوت توخوا سبەی وەرە شاری(...)دەمێکە نەمدیتوی، ئەویش گوتی بەسەرچاو بەیانی لای فلانە شوێن‌و ماڵ دەتبینم، بەشێوەیەك بە بیانووی سەردانی ماڵی هاوڕێیەکم چووم بۆلای..کاتێك بینیم خۆم پێنەگیراو دەستمکرد بە گریان،، نازانم ئەو هەستەی بوو دەتگوت رەهەند لەمن دەستێنرێ، حەزمدەکرد لە ئامێزی بگرم بە جارێك بۆی شێت ببوم، لەگەڵ خۆم بۆنێکم بۆ هێنابوو، بۆ من ئەو ئەزموونە تازە بوو، یەکەمجارم بوو دیاری ببەخشم بە کوڕێك، تەنانەت من لە ژیانی خۆمدا دیاریم بە هاوڕێکانیشم نەبەخشیوە، دوا جاریشم بوو دیاری ببەخشم، نازانم بۆچی بیری هاوڕێیەکم کەوتەوە کە دەیگوت" ساکار بۆن بەخشین لێکجودابونی پێوەیە"بەڵام من باوەڕم پێی نەدەکرد. کاتێك دیاریەکەم دایە دەبوو چی زوترە ئەوێ بەجێهێڵین، چونکە شوێنەکەمان زۆر باش نەبوو، لە جیاتی وشەی خواحافیزی، نەمدەزانی چی بڵێم، تەنها گریان لە قورگمدابوو، رەهەند دڵخۆشی دەدامەوەو وا خۆی نیشان دەدام کە لە حاڵەتێکی ئاساییدایە، بەڵام نەیدەتوانی‌و دەستی دەکرد بە گریان، بەر لەماڵئاوایی لێککردن بانگم کردوو گوتم" راوەستە گیانەکەم وێنەیەکی خۆت بگرەو بۆمی بنێرە".

ئەویش بەمە زۆر خۆشحاڵبوو گوتی هەر بگەمەوە جێ دەچم بۆتی دەگرم‌و دەینێرم. لەبەر ئەوە مۆبایلەکەم لە رەهەند وەرگت، دوای یەك هەفتە شەوێك رەهەند سەعات (١)ی شەو تەلەفۆنی بۆکردم‌و گوتی" دەمەوێت سەر لەنوێ داوات بکەمەوە!". ئەم قسەیەی زۆر سەیر بوو چونکە نیازمان وابوو تا پێنج ساڵی دی باسی ئەو مەسەلەیە نەکەین، بۆ ئەوەی هەردوولا بە رەزامەندی خۆیان بمانخەنە ژیانی هاوسەریەوە.. منیش پێمگوت" جابۆچی ئێستا؟ با ئەو کێشەیەی نێوان باوکت‌و باوکم کۆتایی پێ بێ". ئەویش گوتی" من ناتوانم لەوە زیاتر بێ تۆ بژیم، بەیانی دەچم بۆلای مامە گەورەکەم لەوەیە ئەو بتوانێ شتێکمان بۆ بکات".. دوای داخستنەوەی مۆبایلەکە زۆر بێزاربووم کە نەشمدەزانی هۆکاری ئەو بێزاریە چییە، ئەو شەوە بە هیچ خەوم لێنەدەکەوت، خوا خوام بوو رۆژ دابێتەوە کە بانگی نوێژی بەیانی درا، من دەستمکرد بە نوێژوو پاڕانەوە، دڵم خەبەریدابوو، نانی بەیانیم هیچ پێنەخوراو ژانە سەرم گرتبوو، نەمدەزانی ئەو حاڵەتە سەیرەی من چییە، تا ئێوارە بەم حاڵەوە بووم، لەپڕ زەنگی تەلەفۆنی باوکم لێیدا، دڵم لەگەڵیدا راچەنی، هەرگیز لەبەرچاوی باوکم دەستم نەکردبووە مۆبایل، لەبەرچاوی ئەو دەستمکردە مۆبایلەکەو پڕمدایە، کەناوی برایەکەمی لەسەر بوو تۆزێك هێواش بوومەوەو دامەوە دەستی باوکم‌و باوکم گوتی" چۆن‌و لەکوێ.. بەم قسەیە شێت بووم‌و گوتم" توخوا چی بووە"، باوکم تەلەفۆنەکەی داخستەوەو گوتی، رەهێڵی کوڕی پورت دەعمی سەیارەی کردووە لە نەخۆشخانەیە، بەمە دڵم هاتەوە سەرخۆو گوتم، زۆر باشە بەیانی دەچین بۆ شاری (...)، لەوێ رەهەندیش دەبینم دایکم بەمە زۆر لێم توڕەبوو. شەو کە براکەم هاتبۆوە من خەوتبووم، ئەو شەوە لە خەونمدا چوومە ماڵی رەهەندو ئەوێش زۆر چۆڵ بوو، رەهەند لەناکاو دەرکەوت بەڵام زۆر توڕە دیاربوو لێم، پێمگوت" بۆچی ئەوەندە لێم توڕەی". ئەویش گوتی "نەمگوت هاندی مۆبایلەکەم گۆڕیوە بە پیتی لاتینی نامەم بۆ بنێرە با بەکوردی نەبێت؟". هەروەها گوتی.."چەندجار نامەم بۆ ناردی هیچ خەبەرت نەبوو".. کە بەیانی لەخەو هەستام براکەم پێی گوتم" رەهەند دەعمی سەیارەی کردووەو مردووە". نەمدەزانی چی دەڵێ بڕوام نەکرد!،پێمگوت" بڕۆ فشەکەر تۆ دەڵێی چی رەهێلی کوڕی پوورمە".. بەڵام ئەو لەبەر من هیچی نەگوت، تەنیا ئەوەندە نەبێ کە گوتی" با قسەی تۆبێ". من تا ئەو چرکەیەش باوەڕم نەکرد. خێرا خۆم گۆڕی باوکم گوتی بۆ تۆش نایەی..!کە وایگوت دەستمکرد بە گریان. لەگەڵی چووم‌و لەناو سەیارەدا هەستم دەکرد، باوکم بەزەیی پێمدا دێتەوە. کە گەیشتینە ماڵی رەهێڵ لە گەڕەکی پشتەوەی ماڵی رەهەند بوو، بەڵام باوکم بە شۆفێری تاکسیەکەی گوت" بچۆ گەڕەکەکە ئەودیوو، ماڵی رەهەند لەو گەرەکە بوو، بەرەبەرە لە واقعی رووداوەکە نزیك دەبوومەوە، بەڵام بڕوام نەدەکرد کە رەهەند بێ، نەمدەزانی بڵێم چی، تا ئەو کاتەش لە دڵی خۆمدا دەمگوت لەوانەیە رەهێڵ بێت، بەڵام پێدەچێت پرسەکەی لەماڵی رەهەند دانرابێ.

کە دابەزین سەیرم کرد مەنجەڵی گەورەی چیشت ریزکرابوون، ماڵێکی قەرەباڵغ دەنگی گریان لەهەموو لایەکەوە دەهات. خەریك بوو چاوبگێڕم تا رەهەند ببینم. خوشکە گەورەکەی گوتی" هۆ کاکە رەهەندی گەنجم پێ ڕانەگەیی ژن بهێنێ" کە ئەوەم بیست، بەتەواوی بۆم دەرکەوت کە راستە، لەوکاتەدا یەك بە قورگی خۆم قیژاندم‌و هاوارم کردو لەهۆش خۆم چووم. سێجار دکتۆریان بۆهێنابووم، بەڵام من باش ئاگام لەخۆم نەبوو، هەر دەمویست رەهەند ببینم، نازانم چۆن بوو تەنیا چوومە گۆڕستان کە زۆر لەماڵی رەهەند دوور نەبوو، باش رووداوەکانم بیر نییە، بەڵام دواتر بۆیان دەگێڕامەوە کە چوومەتە لای گۆڕێکی نەناسراو لەوێش لەهۆش خۆم چووبوومەوە.. بۆ رۆژی سێیەم کاتێك چوومە سەر گۆڕستان، ئامێزم لە گۆڕەکەی دابوو تا خۆڵی سەر گۆڕەکەیم بەشان‌و ملی خۆمدا نەکرد ئاسوودەنەبووم.. خەوت خۆش رەهەندەکەم، وێنەیەکی جوانی بۆ گرتبووم، هێشتا وێنەو قسە شیرینەکانی لەبەر چاومە، زۆرم خۆشدەویست ئێستاش شەوانە دێتە خەونم‌و خۆم نیشان دەدات‌و لەبەر چاوم خۆی ون دەکات.. ئاخر رەهەند گیان، ساکاری بێدەسەڵات تاوانی چییە کە دەبێ تەنیا لەخەودا بتبینێ، تۆش بەردەوام خۆتم نیشان دەدەی‌و ون دەبی، تۆ بڵێی جارێکی دی بتبینمەوە؟ نا بڕواناکەم، شیرین فەرهادی نەبینیەوە، من لەکوێ تۆ ببینمەوە.. بنوو رەهەندەکەم منیش رۆژێك دێم بۆلات...

# عەلمانیەت شەپۆلێك بۆ دووبارە خوێندنەوەی رۆڵی ئایین



م.هاوکار حەسەن

بۆ تێگەیشتنی وردو قوڵو زانستیانە، هەروا فەراهەمکردنی زانیاریەکی دروستو باوەڕپێکراوو پشت ئەستوور بە بەڵگەی واقعیو ئەمڕۆیی دەکرێ، خوێندنەوەیەکی سەرپێییانە بۆ مەسەلەی عەلمانیەت بکەین، لە کاتێکدا کە دەزانین عەلمانیەت یەکێکە لەو شاڵاوە فیکریو سیاسیو ئایدۆلۆژیانەی کە ئەمڕۆ لە رێگەی شەپۆلەکانی مۆدێرنەوە، وەك مۆدێلێکی تایبەتو گرنگ لەهەناوی گەلێك لە کۆمەڵگاکانی جیهاندا رەنگی داوەتەوە. هەروەك ئاشکرایە عەلمانیەت لە ناوەڕۆکیدا چەمکێکە لەهەناوی کۆمەڵگەی ئەوروپیدا هاتۆتە دەرێو لە پشت لە دایکبوونیشی کۆمەڵێك رووداوو هۆکاری ئابووریو ئیتنیو ئایدۆلۆژیای داخراو هەبوون کە هیچ یەکێکیان قبوڵی ئەویتریانی نەدەکرد، کە سەرەنجامی هەموو ئەو ناکۆکیو ئایدیا جیاوازەکان لەسەری دەرۆیشتن بووە هۆی دواکەوتنی وڵاتو دروستبوونی چەندین باڵی سەربەخۆوە باجی ماڵوێرانیش کە لەهەموو سەردەمەکاندا لەناو وڵاتانی جیهاندا کە درابێت خەڵکە رەشو رووتەکە داویانە. بەڵام کاریگەرترین فاکتەر بۆ گەشەسەندنی بزووتنەوەی عەلمانیەتو جێپێ لەفکردنی مەسیحیو وەدەرنانی گەلێك لەناو داموو دەزگاکانی دەسەڵاتو وڵاتدا دابەش بوونی ئایینی مەسیحی بوو، بۆ دوو تەوەری جیاوازو دووره لەیەك ئەوانیش چەمکی بزوتنەوەی کاسۆلیك پاشان لەوێوە لە دایکبوونی بزووتنەوەیەکی ئایینیو ریفۆرمی نوێتر بەناوی پرۆستانتەوە.

بیرمان نەچێت سەرهەڵدانی کاسۆلیكو پرۆتستانت پاشان تەقینەوەی ئەو بەرهەمو ناکۆکیو جیاوازیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چەق بەستووییەی کە دەسەڵاتدارانی ئایینی مەسیحی تێدا قەتیس مابوو. بۆیە عەلمانیەت لێرەدا وەك کارەکتەرێك هاتە سەر شانۆ بۆ ئەلتەرناتیڤی هەموو ئەو هۆکارو ئەستەمیانەی کە وەك مشەخۆرێك وابوون بەسەر ژیانی ئاساییو فیکریو دەروونی ئازادی خەڵکی سیڤیلەوە. هەر ئەم هۆکارانەش بوون کە بەشێك لە بیرمەندانو توێژەرەوان بیروڕای خۆیان دەردەبڕن بۆ ناساندنی عەلمانیەت کە دەڵێن.. عەلمانیەت بەتەنها دابڕکردنو کەنارخستنی ئایین نییە لە دەوڵەت بەڵکو دورخستنەوەی هەموو پیرۆزیو موقەدەساتو بەسەنتەرکردنی ئایدۆلۆژیای میتافیزیکیەتو دژ وەستان لە بەرامبەر ئاوێتەکردنی هەموو چەمكو مۆدێلێکی لاهوتیەتو رێگەنەدان بەتێکەڵبوونو کارلێکردنی هەموو ئەو ئایدۆلۆژیانە لەگەڵ دەسەڵاتدا. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ئەو کاردانەوەو بەڵگەو وەڵامانەی کە عەلمانیەت لەگەڵ خۆیدا هێنای لەسەرەتای دەرکەوتنی لە وڵاتانی رۆژئاوا بە هەموو ئەوانەی کە دەسەلێنێ کە لایانوایە، بڵاوبوونەوەی عەلمانیەت بە نەهێشتنی دینە یاخود پەراوێزکردنیەتی، بەڵکو نەخێر، کە سەیر بکەین عەلمانیەت وەکو دەوایەك لە رۆژئاوا دەهات بۆ نەهێشتنی هەموو ئەو ناکۆکیانەی کە هەریەکە لە ئایدۆلۆژیاو دینو مەزهەبە جیاوازەکان دەیانخولقاند بەتایبەت ناکۆکیە ئاینیەکان بەڕێوەبردنی دەوڵەت لەسەر سیستەمو پرۆگرامەکانی عەلمانیەت هیچ لەو بەهاو رێزنانە کەمناکاتەوە کە دین هەیەتی بەڵکو لە سەرێکی دیکەوە دەبێتە ناوەندێك بۆ بڵاوبوونەوەی زیاتری دینو باوەڕپێکردنی بە شێوەیەکی راستتر لە لایەن خەڵکەوە، واتە سڕینەوەی هەموو ئەو وەهمو شیکارە هەڵانەی کە خەڵك لای دروست دەبێت بەرامبەر بە دین" ئیسلام بێت یان مەسیح، یاخود هەردینێکی دیکەی ئاسمانی". ئەویش بەهۆی ئیستغلالکردنی دینەوە لەلایەن کەسانێك کە لە بەرژەوەندی خۆیاندا بەکاری بهێنن بۆ راکێشانی زۆرترین خەڵكو زەوتکردنی ئازادیو مافی بنچینەیی خەڵك بەناوی دینەوە، بۆیە عەلمانیەت داوادەکات کە دین وەکو شتێکی موقەدەسو بەرز سەیربکرێتو وەکو مەڵبەندێك عیبادەتگایەك لەناو دەوڵەتدا هەبێت، بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارە ئاسمانیەکان نەك تەداخولی کاروباری دەوڵەت بکات، مەبەستی عەلمانیەتیش لەم خاڵەدا دروستکردنی دەوڵەتێکی بێلایەنە کە هیچ باوەڕێك یان مەزهەبێك خۆی فەرزنەکات بەسەر مەزهەبو بیروباوەڕێکی دیکەوەو شەرعیەت بەخۆی بدات بۆ ئەنجامدانی هەرچی کارێك بێت بەناوی ئەو باوەڕەی کە لەسەری دەڕواتو دژایەتی خەڵکانی دی پێبکاتو مافو ئازادیو سەربەخۆیی یان لێ بستێنێتەوە. بەڵگەش بۆ ئەم سیناریۆیەیە کە بەبەرچاوی زۆرینەمانەوە زۆر بە ئاسانی دەبینینو دەبیستین بە تایبەتی لەم چەند ساڵانەی دواییدا کە بەشێوەیەکی زۆر روون لە وڵاتە ئیسلامیەکاندا بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە وا خۆیان نیشانی خەڵك دەدەن کە قاڵبوون لە دیندا بەڵام کە سەرنج بدەین دەبینین گەورەترین فەوزاو تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵگاکان لە ژێرپێی ئەوان روودەدات، هەر بۆیە عەلمانیەت بەدوای شەفافیەتدا دەگەڕێت، داوادەکات کە هەموو دەرگاکانی داواکاری خەڵك هەمیشە واڵابنو هیچ سانسۆرو لەمپەرێك لەبەردەم بیروڕاو بۆچوونی تاکەکانی ناو کۆمەڵگا دانەندرێن.

دواجار لە قۆناغی ئێستادا پاش بڵاوبوونەوەی شەپۆلەکانی مۆدێرنە گەورەترین بەربەست کە لەبەردەم بزوتنەوەی بڵاوبوونەوەی عەلمانیەتدا تەگەرەبێت، بریتییە لە نەبوونی زمانێکی پێکهاتوو لە چەمكو تێزی ئازادو پڕ دیموکراسیو یەکتر خوێندنەوەکان لەناو مۆدێلی عەلمانیەتدا هەر بۆیە، هەزمکدرنی ئەو چەمکە ئێستا ئەگەر گرفتێکی لەبەردەمدابێت پێویستە لە ئایندەدا عەلمانیەت کەناڵێکی دیکەی شەفافو مۆدێرن بدۆزێتەوە تا بە تەواوی بتوانێت هەیمەنە بەسەر کۆی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا بکاتو لەو نێوەندەشدا جێگەیەکی شیاوو بەجێ بۆ کۆی تێڕوانینی ئایینو ئاینزاکان دابین بکات.

# چەند زانیایەك لەسەر ماسۆنیەت

ئا: باوكی ژیلا

ماسۆنیەت بە زمانی ئینگلیزی واتاحەرفیەكەی مانای(بیناكارە ئازادەكان)لە free masons و بریتیە لە ڕێكخراوێكی برایانەی جیهانیو ئەندامەكانی هاوبەشن لە یەك ئایدۆلۆژیاو بیردا كە تایبەتن بە مۆراڵو میتافیزیكای شیكردنەوەی گەردوونو ژیانو بڕوابوون بە خوای پەروەردگار. ڕێكخراوێكی نهێنیو تەمومژاویە بەتایبەتی لەسەرەتای دروست بوونی، ئەمەش وایكردوە ببێتە جێگای سەرنجو هەواڵو پروپاگەندەی خەڵك گوایە ئەو ڕێكخراوە بەهۆی فراوانی بڵاوبونەوەیو توانای گەیشتنی بە زۆربەی حكومەتە بەهێزەكانی جیهان، ئەو حكومەتانەی كە سەرەداوی ئیدارەكردنی جیهانیان بەدەستەوەیە. هەربۆیەشە هەندێك ماسۆنیەت بەوە تۆمەتبار دەكەن كە لەدژی فكری ئاینیو بڵاوكەرەوەی فكری عەلمانیەتن.

ئارمی ماسۆنیەت: سەبارەت بە ناوەكەی جگە لەو واتایەی سەرەوە بەوواتای"ئەندازە"ش دێتو هەندێك پێیان وایە ئەمە هێمایە بۆ ئەندازیاری گەردون كە(خودا)ی پەروەردگارە. هەندێك پێیان وایە ئارمی ماسۆنیەت كەبریتیە لە چوارگۆشەیەك (لە بەیەكگەیشتنی گۆشەی ڕاستەو فرگاری بیناسازی)دروست دەبێت هێمایە بۆ ئەستێرەی داوود. ئەمە وێڕای پیتی(g)كە لە نێوان فرگارو ڕاستەكەدایەو بەشێك لە ماسۆنیەكان پێیان وایە ئەمە هێمایە بۆ ناوی پەروەردگاری گەورە(god)و هەندێكی دیكەش پێیان وایە كە ئەوە یەكەم پیتی وشەی ناوی ئەندازیارە بە ئینگلیزی( geomety)و هەندێكیش دەڵێن ئەو پیتە سەرچاوەكەی وشەی( gematria)یە كە بریتیە لەو (٣٣) یاسایەی مالومە یەهویەكان بۆ كتێبی پیرۆز(٢٠٠)ساڵ پێش زاین دایاناوە. لەرووی ڕێكخراوەییەوە چەندین دەستەی كارگێڕی بە تەواوی جیهاندا بڵاوبونەوەو لەوانەیە ئەو دەستانە هەندێكیان پەیوەندیان بەیەكتریەوە هەبێتو هەندێكیشیان نەیانبێت، ئەمەش تا ئێستا بەهۆی ئەو نهێنی پارێزیەی كە پەیكەری ڕێكخستنی ئەو ڕێكخراوەی تەنیوە دووپات نەكراوەتەوە، هەرچەندە لەم ساڵانەی دواییدا كەمێك كراوەتربوونو ماسۆنیەكان ڕایانگەیاندوە كە پاراستنی ئەو نهێنیانە جۆرێك بووە لە مەراسیمی پەیوەست بوونیان بەو پەیمانو بەڵێنانەی كە سەرەتاو دامەزرێنەرەكانی یەكەم لەسەری ڕۆیشتوونو نەوەكانی دوای یەكتریش پاراستوویانە.

سەرەتاكانی ماسۆنیەت: چیرۆكەكانی پەیدابوونو سەرەتای ماسۆنیەت زۆرنو هەندێكیان بەئاستی ئەفسانە دەگەن. هەندێك دەڵێن دامەزرێنەرەكەی ﴿هیرۆدیس ئەكریبا -٤٤ زاینی﴾یە كە پاشایەك بووە لە پاشاكانی ڕۆمانیەكان بە یارمەتی ڕاوێژكارە یەهودیەكانی(حیران ئەبیۆد، وەك جێگری سەرۆك. موئاب لامی، وەك نهێنی پارێزی یەكەم). ماسۆنیەت لەسەرەتاوە لەسەر بنەمای فرتو فێڵو تیرۆرو تۆقاندن دامەزراوەو چەند ناوو هێمایەكیان هەڵبژاردووە تاكو ترس بخەنە دڵی نەیارانیان. مێژووی دروست بوونیان جێگای مشتو مڕە بەهۆی نهێنی پارێزی كاری ڕێكخراوەییانەوە بەڵام وا پێدەچێت ساڵی(٤٣ز)بێتو بەهێزی شاراوە ناونراونو ئامانجیان سووكایەتیو تیرۆركردنی كریستیانەكانو نەهێشتنی بڵاوبونەوەی ئاینەكەیان بوو. دوای چەند سەدەیەك ناوەكەی لەهێزی شاراوەوە گۆڕا بۆ(ماسۆنیەت)و سوودیان لە لافیتەی سەندیكای( بیناكارە ئازادەكان)وەرەگرت بۆ كاركردنو دواتریش هەر ئەو ناوەیان پێوە نووسا. ئەمە سەرەتاو قۆناغی یەكەم بوو، بەڵام قۆناغی دووەمی ماسۆنیەت لە ساڵی( ١٧٧٠)زاینی دەست پێدەكات لە ڕێگای﴿ ئادەم واینر هاویت﴾ی ئەڵمانی كە لەدینەكەی هەڵگەڕابۆوەو ماسۆنیەكان بۆلای خۆیان ڕایانكێشابوو پلانێكی نوێی بۆ ماسۆنیەت دانا بەمەبەستی دەستگرتن بەسەر جیهانداو لەساڵی ١٧٧٦ زاینی پرۆژەكە كۆتایی هاتو یەكەمین مەحفەل لەوكاتەدا(مەحفەلی نورانی)دامەزرا توانیان دوو هەزار پیاو لە سیاسەتمەدارو بیرمەندو خەڵكی دیكە فریووبدەن لە نێوانیاندا(میرابۆ) یەكێك لە فەرماندە بەناوبانگەكانی شۆڕشی فەرەنسا، مازینی ئیتاڵی كە دوای مردنی وایزهاویت بارودۆخەكەی گەڕاندەوە بۆ سەردەمی بەر لە وایزهاویت. ژەنەڕاڵی ئەمریكی ئەلبێرت مایك كە لە سوپا دەركرا ئەویش هەموو ڕقی خۆی لەڕێگای ڕێكخراوی ماسۆنیەتەوە بەخەڵكو نەتەوەكانی جیهان ڕشت كە ناوبراو بەرپرسی بەشی پلاندانانی سەربازی ڕێكخراوەكەبوو. لاف ئەریدج كە لە كۆنگرەی ماسۆنیەت ساڵی ١٨٦٥ لەشاری ئەلیتشو لەبەردەم كۆمەڵێك قوتابی ئەڵمانیو ئیتاڵیو فەرەنسی گووتی" پێویستە مرۆڤ بەسەر خوادا زاڵ بێتو شەڕ لە دژی ڕابگەیەنێتو ئاسمانەكان بدڕینو وەكو كاغەز بیاندڕێنین" ئەمە جگە لەو كەسایەتیە جیهانیانەی كە ئەندامبونو یاخود ئێستا ئەندامن لەو ڕێكخراوەدا وەكو نموونە"كارل ماركسو فریدریك ئەنجلس، جیمس غارفیلد، ئەندرو جاكسۆن،جۆرج واشنتۆن، فرانكلین ڕۆزفێلد، هاری ترومان، ونستۆن چەرچڵ، ئەلیكساندەر پۆشكین، ڤۆلتێر، جۆرج بۆشی باوك، جۆرج بۆشی كوڕ............هتد".

سوارچاكانی پەیكەر: وا مەزەندە دەكرێت لە ساڵی ١٣٠٧ زۆربەی سوارچاكانی پەیكەر لە فەرەنسا بە فەرمانی پادشای فەرەنساو لە ژێرفشاری كڵێسای فەرەنسیدا دەستگیركرابنو كوژرابن، ئەوانەی دەربازیشیان بوو ڕایانكردوو دەستیان بەكاری نهێنی كرد. لەلایەكی دیكەوەشەوە سوارچاكانی پەیكەر لەبەریتانیا خۆیان حەشارداو واخۆیان نیشاندا كە سەرگەرمی كاری بیناكردننو دواتر بە ( بیناكارە ئازادەكان)ناسران. گریمانەی كۆمپانیای (بیناكارە ئازادەكان) كە پشت بە دیكۆمێنت دەبەستێت لە ڕاستیەوە نزیكترە تا گریمانەكانی دیكەو بە پێی ئەو دیكۆمێنتانەش وشەی (بارەگاlodge) لە ساڵی١٢٧٨ پەیدابووە، لەكاتی دروستكردنی كڵێسای سیسترسیان لە نزیك شاری (chester)ی بەریتانیو مێژوونووسان پێیانوایە ئەو بارەگایە بریتی بووە لە چەند (كوخێك)كە ئەو بێكارانە نانیان لێدەخواردو ساڵی ١٣٥٦ كۆمپانیا (بیناكارە ئازادەكان)(كاتدرائیەی یۆرك)یان دامەزراندو هەر ئەو كاتدرائیەش بوو بە(بارەگا)یانو دوای بیست ساڵ ئەوانە لە (١٣٧٦) یەكەم جارو وشەی ماسۆنیەتیان بەكارهێنا كاتێك چواركەس دیاریكران كە وەك نوێنەری بیناكارەكان لە گفتوگۆی دامەزراندنی دەستەی بازرگانی لە لەندەن بەشدار بن، وەفدەكە ناویان لەخۆیانا(بیناكارەكان- masony)و ئەوكات وشەی ئازادەكان وەك پاگشر بەكار نەدەهێنراو لە ساڵی ١٣٩٠ز. یەكەمین دەقی ماسۆنی نووسرایەوەو بریتی بوو لە (٦٤)لاپەڕەو بە شێوازێكی شیعری نوسراوە كە ئێستا لە مۆزەخانەی بەریتانیا پارێزراوە، بڵاوبوونەوەی تاعون لە ئەوروپا لە ساڵی ١٣٤٨و جەنگی ناوخۆی بەریتانیا لەسەر تەختی پادشایەتی ساڵی ١٤٥٣ ڕێخۆشكەر بوون بۆ بڵاكردنی ماسۆنیەت گەیشتنی بە ئاستی ڕێكخراوێكی تۆكمە.

**دەستووری ماسۆنیەت:** لە ساڵی ١٧٢٣جیمس ئەندرسۆن دەستووری ماسۆنیەتی نووسیەوە، ئەندرسۆن ماسۆنی بوو ژیانی وەك چلاككەرێكی كڵێسای ئوسكتلندی دەستپێكردو بنیامین فرانكلین دوای یانزە ساڵان جارێكی دیكە واتە لە ساڵی ١٧٣٤دەستووری